ویلایەتی نیویەرک یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرەسی "ئاوڵەی مەیمون" لە ویلایەتەکە تۆمار کرد

وەزارەتی تەندروستی لە ویلایەتی نیویەرک یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرەسی "ئاوڵەی مەیمون" تۆمار کرد.

بەگوێرەی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشییەکانی ئەمریکا، سێ حاڵەت لە کالیفۆرنیا، جۆرجیا و نیو هامشایر تۆمارکراون.

لەکاتێکدا پێشتر، ڕۆکخراوی تەندروستی جیهانی لە مانگی ئابدا بە دووەم جار لە ماوەی دوو ساڵدا نەخۆشی ئاوڵەی مەیمون وەک حاڵەتی لەناکاوی تەندروستی گشتی ڕاگەیاند، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرەسەکە لە کەماری دیموکراتی کۆنگۆ لە کیشوەری ئەفریقا هات کە بە وڵاتانی دراوسێ بڵاوبووەوە.